# تۆ تۆمەتباری بە ئەنجامدانی تاوانێك

## تۆ وەکو تۆمەتبار دەستگیرکراویت وهێنراویت بۆ لایەنێکی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون وەکو بنکەی پولیس وە یاخود بانگهێشت کراویت بۆ لێکولّینەوە. مافەکانی تۆ چیە؟

**تۆ تەمەنت لە 12 تا 18 ساڵە و تۆمەتباریت بە ئەنجامدانی تاوانێک. پۆلیس یاخود هەر دەزگایەکی تری لێکۆڵینەوە تۆی دەستگیرکردووە تا پرسیارت ئاڕاستە بکەن. ئەمە پێی دەوترێت ووتەوەرگرتن. یاخود بانگهێشت کراویت تا ووتەت لێوەربگیرێت. گرنگە بزانیت ماف وئەرکەکانت چین.**
**لەم لاپەڕە زانیاریەدا ماف و ئەرکەکانت هەروەها ڕەوتی پرۆسەکە ڕوونکراوەتەوە. بۆیە گرنگە ئەم لاپەڕە زانیاریە باش بخوێنیتەوە.**

## پرسیار؟

پرسیاری ترت هەیە؟ دەتوانی پرسیارەکەت ئاڕاستەی پارێزەرەکەت یاخود پولیس بکەیت، یان هەر لایەنێکی تری لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون کە پەیوەندیان بە کارەکەی تۆوە هەبێت.
لەم لاپەڕەزانیاریەدا، کە( پولیس ) ناودەبرێت مەبەستمان هەموو لایەنەکانی تری لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە www.juridischloket.nl یاخود پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 0900-8020 کەنرخی 0,25 سەنتە بۆهەرخولەکێک.

## تۆ دەستگیرکراویت وهێنراویت بۆ لایەنێکی لێکۆڵینەوە مافەکانی خۆت بزانە

- پۆلیس پێویستە ڕوون کردنەوەت بداتێ سەبارەت بەو تۆمەتەی کە ئاڕاستەت کراوە.
- پۆلیس بۆی هەیە پرسیارت ئاڕاستە بکات. ئەمە پێی دەڵێن ووتەوەرگرتن.
- تۆ بۆت هەیە وەلامی پرسیارەکان نەدەیتەوە(واتە مافی بیدەنگی هەڵبژێریت).
- پۆلیس داوای پارێزەرت بۆ دەکات تا ڕاوێژی پێبکەیت پێش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە. ڕەنگە کاتی بوێت تا پاریزەر دەگاتە لات. بە شێوەیەکی گشتی دەبێت لە ماوەی دوو کاژێردا بگات. ڕاوێژەکە ماوەی نیو کاژێر دەخایەنێت گەر پێویستی کرد دەکرێت نیو کاژێری تر درێژ بکرێتەوە. خەرجی ئەم پارێزەرە لەئەستۆی تۆ نیە. خۆت ئەگەر پاریزەرێک دەناسیت و دەتەوێت ئەو ئامادە بێت دەتوانیت ناوەکەی بدەیت بە پۆلیس.
- پارێزەر بۆی هەیە لە کاتی ووتەوەرگرتنیشدا ئامادە بێت. گەر تۆماتباربیت بە سەرپێچیەکی بچووک ئەوا تێچوونی پارێزەرەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆت یاخود دایک و باوکت. تاوانەکەت گەورەترە واتە تۆمەتباری بە دزی یان ئەنجامدانی توندوتیژی ئەوە پێویست ناکات خۆت تێچونەکەی بدەیت. لە یەکەم گفتوگۆ لەگەڵ پارێزەرەکەدا بپرسە کام لەم دووحاڵەتە بەسەر تۆدا دەچەسپێت.
- ئەگەر پارێزەرت نەویست دەتوانی کەسێکی متمانە پێکراو بانگهێشت بکەیت کە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵت ئامادە بێت وەک دایک یان باوک. دەتوانیت پۆلیس لەوە ئاگادار بکەیتەوە.

هەر کات پۆلیس ناو و زانیاریە کەسیەکانت بدات بە ڕاوێژکاری یاریدەدەری یاسایی تا پارێزەرت بۆ دابین بکەن زانیاریە کەسیەکانت لەوێ هەڵدەگیرێت.

- تۆ هوڵەندی قسەناکەیت و تیناگەیت؟ یان تۆزیک دەزانیت ئەوا تۆ مافی سوودمەند بوونت هەیە لە بەکارهێنانی وەرگێڕ لای پۆلیس. ئەگەر لە پۆلیس تێنەگەیشتیت ئاگاداریان بکە. هەروەها وەرگێر دەتوانێت یارمەتیت بدات تا لەگەڵ پارێزەرەکەت قسە بکەیت. بڕی تێچوونی ئەم وەرگێڕە لە ئەستۆی تۆ نیە.
- ئەگەر بریاردرا کە ماوەیەکی زۆرتر لە بنکەی پۆلیس بمێنیتەوە. ئەوا پۆلیس تەلەفون بۆ کەسوکارت یان ئەو کەسەی لەگەڵی دەژیت دەکات. هەندێ جار نوێنەری گشتی داد بڕیار دەدات کە ئەو کارە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕابگیرێت وە دەزگای مناڵپاریزی لێئاگاداردەکرێتەوە.
- تۆ رەگەزنامەی هۆڵەندیت نیە؟ و بڕیارە ماوەیەک بتهێڵنەوە لە بنکەی پۆلیس ئەوە دەتوانیت داوا بکەیت کە قونسوڵیەت یان سەفارەتی وولاتەکەت ئاگاداربکەنەوە کە تۆ دەستگیرکراویت.
- هەست بەنەخوشی دەکەیت، یان پیویستت بەپزیشک ودەرمان هەیە ئەوا پۆلیس ئاگادار بکەرەوە.
- تۆ مافی بینینی نامەکانت هەیە، ئەگەر هەبن. هەندێ جار نوێنەری گشتی داد بریار دەدات کە بۆ ماوەیەکی کاتی بۆت نیە ناوەڕۆکی ئەو دۆکیومێنتانە

بینیت. ئەگەر زمانی هۆڵەندی نازانیت ،وە یان تۆزێک دەزانیت، ئەوە مافی ئەوەت هەیە نامەکانت بۆ وەربگێرنە سەر زمانی خۆت بەتایبەت بەشە گرنگەکان وەکو فەرمانی دەستگیرکردن و بانگهێشتی دادگا.

ماوەی چەند پۆلیس بۆی هەیە ڕاتبگرێت

### ماوەی چەند پۆلیس بۆی هەیە تۆ ڕابگرێت؟

- ئەوە پەیوەستە بەو کارەی کە پێی تۆمەتباریت لایەنی زۆر دەکرێت سێ ڕۆژ و ٨ کاژێر لە بنکە بهێڵرێیتەوە.
- ئەگەر پێویست بکات زیاتر بهێڵرێیتەوە ئەوە دادوەر بڕیاری لەسەر دەدات. ئەگەر ڕازی نەبیت بەو ڕاگرتنەت یاخود بەو هێشتنەوەیە دەتوانیت پرسیار لە پارێزگارەکەت بکەیت سەبارەت بەمە.

## تۆ بانگهێشت کراویت بێیت بۆ فەرمانگەی پۆلیس؟

دەتوانیت خۆت یان (دایک و باوک)ت پێش لێکۆڵینەوە پەیوەندی بکەن بە پاریزەرەوە بۆ ڕاوێژ. باسی ئەوەش بکە لەگەڵ پاریزەرەکەتدا ئایا لەکاتی لێکۆڵینەوە ئامادە دەبێت یان نا. تۆ خۆت یان (دایک و باوک)ت دەبێت بڕی تێچوونی پارێزەرەکە دابین بکەن.

## پارێزەرەکەت دەتوانێت چیت بۆ بکات پێش لێکۆڵینەوە؟

پارێزەر تەنها بەرژەوەندی تۆ دەپارێزێت. پێش لێکۆڵینەوە پاریزەر دەتوانێت بەم شێوەیە یارمەتیت بدات:

- ڕوونکردنەوەت بداتێ سەبارەت بەو تاوانەی کە تۆ تۆمەتباری پێی.
- ئامۆژگاریی یاساییت بداتێ.
- ڕوونکردنەوەت بداتێ لەسەر پرۆسەی لێکۆڵینەوە (ووتەوەرگرتن) لای پۆلیس.
- باسی ماف و ئەرکەکانی تۆ بکات لە کاتی لێکۆڵینەوەدا.
- پەیوەندی بکات بەکەس وکارتەوە یان خاوەن کارەکەتەو زانیاریان دەربارەی حاڵی تۆ بداتێ (گەرخۆت خوازیاربیت).

ئەوەی لەکاتی لێکۆڵینەوە بە پۆلیسی دەڵێیت زۆر گرنگە چونکە ووتەکانت دەکرێت بەڕاپۆرت. ئەمە پێی دەڵێن (پرۆسێس فێربال). کەیسەکەت دەچیتە لای نوێنەری گشتی داد وە یان دەچێتە لای دادوەر؟ ئەوان ئەو ڕاپۆرتە دەخوێننەوە. هەر بۆیە دەبێت راپۆرتی لێکۆڵینەوەکەت زۆر بەباشی بخوێنیتەوە. ئەگەر رازی بیت لەسەری داوات لێدەکەن ناوی خوت یان ئیمزاتی بخەیتە سەر. ئەگەر ڕاات لەسەری نەبوو داوا بکە لە پۆلیس گۆڕانکاری تێدا بکەن. ئەگەر پاریزەر ئامادەی لێکۆڵینەوەکە بێت ئەوا ئەو دەتوانێت چاودێری بکات و بزانیت لێکۆڵینەوەکە بە دروستی تۆمارکراوە یان نا.
پۆلیس گوێ ناگریت لە قسەکانی تۆ کە لەگەڵ پارێزەرەکەت دەیکەیت.
بەبێ ڕەزامەندی خوت پاریزەرەکەت بوی نیە هیچ زانیاریەک لەسەر تۆ بە کەس بدات. تەنانەت لەگەڵ پۆلیسیش. هەروەها بەهەمان شیوە وەرگیرەکە ئەگەر یارمەتی دابیت لەلای پاریزەرەکەت.

## پارێزەر دەتوانێت چیت بۆ بکات لە کاتی لێکۆڵینەوە؟

ئەگەر پاریزەر لەکاتی لێکۆڵینەوە ئامادەبوو لە پاڵ تۆدا دادەنیشێت وە دەتوانێت ئەم کارانە بکات:

- دەتوانیت لە پێش وە یان لە دوای لێکۆڵینەوە تێبینی خۆی پێشکەش بکات.
- هەروەها دەتوانێت پرسیار ئاڕاستەی فەرمانبەری لێکۆلەرەوە بکات.
- دەتوانیت گوێ بگرێت و پرسیار لەتۆ بکات بزانێت تێگەیشتویت لەوەی کەباس دەکریت.
- ئەگەر پرسیارەکان تینەگەیشتیت ئەوا پاریزەرەکە دەتوانێت لای پۆلیس ئاماژەی پێبدات.
- ئەو چاودیری ئەوە دەکات کە لەژیر فشاردا هیچ نەڵێیت.
- دەتوانێت داوا بکات لیکولینەوەکە بوەستێت تا ڕاویژت بداتێ. هەروەها تۆش دەتوانی داوای وەستانی لێکۆڵینەوەکە بکەیت. گەر ئەمە زۆر دووبارە ببێتەوە دەکرێ داواکەتان ڕەتبکرێتەوە.
-

ئەگەرهەستت کرد هێند نەخۆشی کە ناتوانی وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە، قسە بکە. ئەوا پارێزەرەکەت دەبێت لێکۆڵەرەوەکە ئاگاداربکاتەوە.

**ئاگادار بە:** گەر سەرەتا ووتت کە پێویستت بە پارێزەر نیە بەڵام دواتر ڕاتگۆڕی، ئەوە قسە بکە، دواتر ئەو هەلەت بۆ دەرەخسێ کە پارێزەر ببینیت.
گەر ووتت پێویستت بە پارێزەر نیە بەڵام دایک و باوکت یاخود سەرپەرشتەکەت بە پێویستی زانی ئەوا پارێزەرهەر دەبێت ئامادە بێت.

ئەگەر لەبری پارێزەر کەسی باوەرپیکراو وجیگای متمانە ئامادەی لیکولینەوەکە بوو ئەوا ئەو کەسە تەنها بۆی هەیە گوێ بگرێت. ئەولای تۆوە دادەنیشێت بەڵام بۆی نیە هیچ بڵێت. ئەوکەسە دەبێت تەمەنی ١٨ ساڵ یان زیاتر بێت وهیچ پەیوەندیەکی بە تاوانەکەوە نەبیت کە تۆ پێی تۆمەتباریت. کەسیی باوەرپێکراو دەکریت باوک یان دایک یان هەر کەسێکی تری کامڵ بێت.

ئەمە بڵاوکراوی:
وەزارەتی داد و ئاسایشە
سندوقی پۆستی 20301

2500EH Den Haag
مارسی 2017

لەسەر ناوەرۆکی ئەم زانیارینامەیە هیچ مافێک دەستەبەر ناکرێت.